سەید حەکیم چاوی بە کازمی دەکەوێت و گرنگی پاڵپشتی پێکهێنانی حکومەت و پارێزدارکردنی بەھرەمەندانی بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕکابەرییەکانی ئەم قۆناغە دووپات کردەوە

ammaralhakeem.com

بەڕێز سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز مستەفا کازمی سەرۆکی پێشووتری حکومەت و لەم دیدارەش باس لە پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە کرا، لەگەڵ بابەتی پێکھێنانی حکومەتی تازە و سەماحەتی پاڵپشتی خۆی بۆ حکومەتی زەیدی دەربڕی و هیوای خواست کە تەگەرەکانی بەردەم ئەرکەکەی نەمێنێت.

سەماحەتی سەید حەکیم هیوای خواست بەھرەدارەکانی حکومەتی داهاتوو پارێزدار بکرێن و پالپشت بکرێن بەتایبەتی ئەوانەی ڕاستن و خاوەن ناوبانگی باشن و ڕوونیشی کردەوە کە پێویستە بەرنامە هەبێت و پێشینەی کارەکانیش بەپێی خشتەیەکی دیاریی کراو لەڕووی کاتەوە بێت.